# میخائیل نەعیمە .... خەمی مرۆڤایەتی

**ئارام قەرەداغی**
Aram_qaradaghi@hotmail.com



نوسەری گەورە هەڵگری پەیامە، خاوەنی تێڕامانی وردە لە بەرکەوتە زیندووەکانی دوروبەری, هێندە قوڵبوونەوەی هەیە لە بەخەمەوەهاتنی کەوتنەکانەوە هێندە لەخەیاڵی خۆیدا نیە, بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێن, زاهیدێکە بۆ خودی خۆی، زوهدی خۆی لە بەخەمەوە هاتنی ژیاندا پراکتیزە دەکات.

میخائیل نەعیمە ئەو نوسەرەی کە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆو دەنگدانەوەیەکی گەورەیە چ لە ناوەندی عەرەبی و چ لە سەر ئاستی جیهانیی, کاتێك لەساڵی 1889 دا لە لوبنان دێتە دنیاو لە 1988 دا دەمرێت 99 ساڵ لەناو ژیانا بەشێکی زۆرلەم تەمەنە تەرخان دەکات بۆ تێڕامان و دەربڕین. نەعیمە ئەو ناوەی بەهوی زوریی بەرهەمەکانیەوە پەیدا نەکرد بەڵکو بەهۆی ئەو بەخەمەوە هاتنە گەورەیەی بوو بۆ ژیان و مرۆڤایەتی, لای نەعیمە هەمو شتەکانی کەون جوانن بەڵام لەهەمویان جوانتر مرۆڤە بۆیە هەمیشە لە نوسینەکانیدا ڕەنگدانەوەی ئەم بەتەنگەوەهاتنەی مرۆڤ دەبینرێت کە هەمیش بانگی دەکات بە ( ئەی مرۆڤ ) یان ( ئەی نەوەی ئادەم ).
قسەکردن و گوتاردان بۆ مرۆڤایەتی کاری هەرەسەرەکی نەعیمەیە بەهەموو جۆرەکانی ئاخاوتن لەگەڵ هاوخوێنەکانی خۆی دەپەیڤێت, پەیامی هەیە بۆیان یاخود تێڕامان و تێگەیشتنی هەیە بۆ هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و هەمیشە ئەو ڕێگایانە ڕۆشندەکاتەوە کە دەتگەیەنێت بە ڕزگاربوون, وەك دەڵێت:

( ئەی نەوەی ئادەم تۆ چەند گەورەیت/چونکە توانیت خۆشەویستی بکەیت/پاشان توانیت بڕوات هەبێت/ توانیت بە خۆشەویستی و بڕواکەت/ تێبگەیت تۆ کێیت )[i]

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە گەورەیەیە بەلای میخائیل نەعیمەوە کە توانیویەتی بگاتە ناسینی خود, بەم گوزارشتە سادەیە ئەو سەرسوڕمانە گەورەیە دەردەبڕێت بەرامبەر بە نەوەکانی ئادەم کە توانیویانە بە خۆشەویستی و بڕوا هەست بە مرۆڤبوون بکەن, هەمیشە لەگەڕاندابن بەدوای ناسینی خودی خۆیاندا.

نەعیمە هەوڵدەدات بۆ بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و دەیەوێت مرۆڤ بکاتە باشترین دروستکراوەکانی سەر زەوی, لەدەقێکی تریدا ئەمە دەخاتە ڕوو وەك دەڵێت:

( ئەی خوا .... من نەوەی تۆم/ ئەم زەویە بەڕێز و بەسۆزەی دروستکراوە/کە منت خستۆتە ئامێزیەوە/ هیچ نیە جگە لە لانکەیەك

نەبیٚ/کە لیٚوەی سەردەکەوم بۆ لات ) [ii]

ئەمە ئەوپەڕی ڕێزگرتنی مرۆڤە لە فەلسەفەی نەعیمەدا, دەیەویٚ مرۆڤ بەرێتەوە بۆلای جنسی خوداکان و هاوخوێنییەك لەگەڵ خودادا, بڵێت مرۆڤ وەك هیچ بوونەوەرێکی سەر زەمین نییە بەشێکە لەخودا و هەمیشە لەڕۆشتنندایە بۆ گەیشتەوە بۆ لای ئەو, گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە هەوڵدەدات و سەفەرەکانی دەکات, کە قوڵترین سەفەرو ڕێگای ڕۆچونە بەناو ناخی خۆیدا تاوەکو بتوانێت بگاتەوە بە خوداوەندی باوك.

نەعیمە شۆڕشگێڕە و ڕابەری شۆڕشێکە کە ڕودەکاتە مرۆڤایەتی و ڕێگاو پرۆگرامی شۆڕشی ڕزگاربوونیان بۆ ڕوندەکاتەوە بەوەی هەوڵدان دژی نەفامی لە پێناو مەعریفەداو هەوڵدان دژی کۆیلایەتی لە پێناو ئازادیداو هەوڵدان دژی پەرتەوازەیی لە پێناو یەکبووندا ئەمانە هەوڵدانن لە پێناو مرۆڤدا بۆ ئازادی و یەکیەتی بۆی, نەعیمە بڕوای وایە هەموو هەوڵدان و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی یەکەم شت بە مەعریفە دەبێت, مەعریفە لە پێش هەمو شتەکانەوەیە, چونکە کاتێك مەعریفەیەکی قوڵ هەبوو ئەوکات هەست بە بەندایەتی و پەرتەوازەیی دەکات و هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و یەکبوون, بەڵام چ مەعریفەیەك دەتوانێت مرۆڤ بەرەو ڕزگاربوون بەرێت, مەعریفە لای نەعیمە بریتیە لەو مەعریفە تەواو و کامڵەی کە خۆی باسی دەکات و دەڵێت:

( ئەی نەوەی ئادەم/ مێژوی تۆ تا ئیستا نەنوسراوەتەوە/ هەرگیز ناشنوسرێتەوە / تاوەکو مەعریفەیەکی تەواوت نەبیٚ/ مەعریفەی تەواو ئەوەیە کە بزانیت چی هەبووە و چی دەبێت ) [iii]

میخائیل نەعیمە مرۆڤایەتی ئاگادار دەکاتەوە کە دەبیٚ بە ئاگابن لە هەموو ئەوانەی ڕویداوەو ئەوانەش کە ڕوودەدەن, تاکو بتوانیٚ مێژوی خۆی وەك مرۆڤێکی پڕاوپڕ لە مرۆڤبون بنوسێتەوە, کە مرۆڤیش بە هارمۆنی بوونی عەقڵ و لۆجیك و هەست, دەگاتە مەعریفەی کامڵ و تەواو و ئیدی دەتوانێت لە پێناو مرۆڤایەتیدا شۆڕشێك بکات.

میخائیل نەعیمە هەمیشە ئامۆژگاری مرۆڤایەتی دەکات بە قوڵبونەوەو تێڕامان, کە ئەم قوڵبونەوەیە دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێتە ڕزگاربون لەهەموو ئەو شتانەی کۆتی دەکەن ولە قاڵبی مرۆڤبون ئەییەنە دەرەوە, هەمیشە لەگەڵ ئەوەدایە مرۆڤ دەتوانێت لەقوڵایی خۆیدا جوانتر و باشتر ببینێت وەك لەدەرەوەی خۆی, بەمانایەکی تر هەستە دەرەکیەکان ناتوانن هەست بەوە بکەن کە کە هەستە ناوەکیەکان هەستی پێدەکەن, وەك دەڵێت:

( کاتێك کەتۆ هەستەکانی دەرەوەت دادەخەیت/ شت گەلێك دەبینیت چاوت نەیدیوە ) [iv]

ڕێگای نەعیمە ڕێگایەکی گەورەیەو, میخائیل نەعیمە تەنیا شاعیر و نوسەر نییە ( بەڵکو هەمیشە وەك حەکیمێك یاخود فریادڕەس و پەیامبەرێك دێتە بەرچاو, کە هەمیشە بیرکردنەوەی خۆی تەرخانکردبوو بۆ ئەوەی تاریکی ڕێگاکان ڕونبکاتەوە بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم مرۆڤایەتی.

---

[i] یا ابن آدم/نعیمة/191

[ii] نجوى الغروب/ نعيمة/122

[iii] يا ابن آدم/نعيمة/189-190

[iv] هەمان سەرچاوەی پێشو 193